## رۆلی رۆشنبیری کورد و لێ پرسراوه تی مێژوویی ... خالید قادر عەزیز

ئه و قۆناغـه مێژوییه ناسكه ی ئیمرۆ، كه نه ته وه ی كورد پێی دا تێده په رێ، له هه موو كات و سات و سه رده مێك زیاتر لـێ پرسراوه تـی مێژوویی رۆشن بیری كورد قورستر و گرانتر ده كات، لـه هه مان كاتیشدا رۆشـن بیری كورد، روو بـه رووی تاقیكردنـه وه و ئەزموونێكی سه خت و سه نگین ده كاته وه، وه ده یخاته ژێر ئه و پرسیاره وه، ئاخۆ رۆشن بیری كورد لـه م ئاسته یه كه رۆلی نیشتمانی و نـه ته وه یی خۆی بـه راستی و دروستی ببێنی؟.

 شتێكی روون وئاشكرایه، كه رۆلی رۆشن بیر لـه پاراستن و داكۆكی كردن لـه ماف و پەرژه وه ندی گه لـه كه ی و، دیار كردن و نیشان كردنی رێباز و رێره وه كه شی لـه گشت بوار و ئاستێك ده بینیته وه ده نوێنی. گه ر بووترێ رۆشن بیر لـه هه موو كات و ساتێ، سه ربازێكی هێلی پیشه وه ی به ره ی شه ره و، هه رده م ده بێ ئاماده ی رووبه روو بوونه وه و تێك گیران بێت، لـه گه ل هه ر به ره و لایه نێك كه هه ره شه لـه ماف و په رژه وه ندی گه لـه كه ی ده كات و ده یخاته ژێر مه ترسیه وه ئه وه ووته یێكی راست و دروسته. جا گه ر هه ر گه لێك مافه كانی پێ شێل كرابێ و په رژه وه ندیه كانی كه وتبێته مەترسیه وه، ئه وه به دلنیا ییه وه، توێژی رۆشن بیر رۆلی خۆی نه بینیوه و به ئه ركی خۆی هه لنه ستاوه.

 گه ر گه لی كورد، تاكو ئێستا، لـه باشوری كوردستان، نه یتوانیوه دووا رۆژی كه ركوك و ناوچه رزگار كراوه كانی تر یه ك لایی كاته وه بیانگێرێته وه سەر كوردستان،

گه ر تاكو ئێستا به ده یان هه زار خێزانی كورد هێشتا هه ر ئاواره و ده ربه ده ر ن و نه گه راونه ته وه سه ر جێگا و رێگا ی باوك و باپیرانیان، گه ر كوردستان هێشتا هه ر كاول و وێرا نه و ده ستی ئا وه دانی بۆ درێژ نه كراوه، گه ر تاكو ئێستا به سه دان هه زار ئه نفال كراو و قوربانیانی چه كی كیمیاوی و كورد قڕانی به عس، هێشتا نه قه ره بۆ كراونه ته وه و نه ده ستی یارمه تیشیان بۆ درێژ كراوه. گه ر تاكو ئێستا به هه زاران ئافره تی كورد بێ سه رو شوێنه و چاره نوسیان دیار نیه، گه ر ئه مانه و د ه یان و د ه یان زام و برینی تریش هێشتا لـه جه سته ی كورد خوێنی لێ د ه چۆرێ و تیمار نه كراوه. ئه وه هه ر ته نیا كه مته ر خه می د ه سه لات نیه به لكو كه مته رخه می رۆشن بیرانیشی پێوه دیاره.

 توێژی رۆشـن بیری، ده بێ هه میشه سه ركردایه تی سیاسـی كورد بخاته ژێر پاله په ستۆ و فشار و نابێ به هیچ شێوه لێ دلنیا بێ، د ه بێ ئه وه ی لـه به ر چاو بێ كه زۆر لـه خه لكانێ كه د ه سه لاتیان گرتوته د ه س په رژه وه ندێكی زۆریان په یا كردوه، به هه موو توانایان هه ول د ه د ه ن كه ئه م بار و دۆخه هه ر ئاوا بروا، چونكه نه یاسا هه یه د ه سی بگرێ و نه لێ پرسینه وه هه یه سلی لێ بكاته وه. نه هێزێك نه د ه سه لاتێكیش هه یه ترسی لی هه بێ. ئه و خه لكانه ی لـه م ره نگەشن لـه ناو ده سه لات كه م نین و نایانه وێش به هیچ شێوه یێك لێیان تێك بچێ. جا ئه گه ر چاو پۆشینیشیان نه بێ، بێ شك ئه وه نه رمییك هه ر هه یه، ئه گه ر نا ئه وه چوارد ه پێشمه رگه ی باكور به د ه ستی جه ندرمه ی تورك به كیمیاوی شه هید بوون، تاكو ئێستا د ه سه لاتی كوردستان به ته نیا ووشه یێكیش باسیانی نه كردوه. حكومه تی تورك ئه گه ر منالـه توركمانێك لـه كه

رکوك يا لـه تـه لـه عفـه ر شـه قێکی لـێ بدرێ ئـه وه دنيا کاول د ه کات و د ه کيشـی بـه سـه ر و گوێلاکی د ه سه لاتی کوردستان.

وا پێ ده چێ، رۆشن بيری کورد، ئيمرۆ لـه سه ر دوو ريانـی پـه رژه وه ندی تايبـه تـی و پـه رژه وه ندی نـه تـه وه يی وه ستاوه، ئايا دوواى پـه رژه وه ندی تايبـه تـی خۆی د ه کـه وێ و پشت لـه گـه لـه کـه ی د ه کات؟ يا خـه مـه کانـی گـه لـه کـه ی لـه کۆل ده گرێ و هـه موو خـه ون و ئاواتـه کانـی تايبـه تـی خۆی لـه ژێر پێ د ه نێت.